هێزی پێشمەرگەی کوردستان

HPK

هێزی سەربازیی کۆمەڵە ــ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

The Military Wing of The Social Democratic Party of Kurdistan

# پێڕەوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"

## هێزی سەربازیی کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

### داگیرکەریی و چەوساندنەوە

داگیرکەریی سیستەمێکی دژ مرۆڤییە. داگیرکردنی وڵاتێک و دانیشتوانەکەی لە لایەن نەتەوەیەکی دیکەوە، یەکێک لە شێوەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤە کە بە گشتیی نێزیکەی هەر هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە دەگرێتە خۆی. داگیرکەریی نەتەوەیی، لەگەڵ چەوساندنەوە دێت و بەدوای ئەو دەوڵەتی نەتەوەی زاڵ بۆ سڕینەوەی ناسنامە و کولتوری نەتەوەی بندەست لە هەموو میکانیزمێک کەڵک وەردەگرێت. بەو شێوەیە نەتەوەی چەوساوە بە توشبوونی پرۆسەیەکی سیستەماتیکی بە خۆغەریبکردن، ئەلیناسیۆن، دەبێتە هاووڵاتیی ژمارە دوو. سیاسەت و پرۆژەکانی دەوڵەت و نەتەوەی زاڵ بۆ بەرابەریی و یەکسان کردن، ناسنامەی نەتەوەی دووهەم دەخاتە ژێر هەڕەشەی جیددیەوە.

ئایدئولۆژیی نەتەوەیی و سیاسەتی فرەخوازیی دەوڵەت و نەتەوەی زاڵ، لەو چارەکە سەدەیەی دواییدا، بۆ پاراستنی نەخشەی ناڕاست و تەواوییەتی خاکیی وڵاتە دەستکردەکان، کارەسات و جینۆسایدی بۆ نەتەوەی ژێردەست بە دیاری هێناوە.

نموونەی بێ ئەژمار لەو جۆرە بە کۆمەڵکوژییە و دەستدرێژییانە لە سەرانسەری جیهاندا هەن. بێگومان تا کاتێک کە کۆمەڵکوژی نرخی پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتێک بێت، سەربەخۆییخوازیی ئیتر دەبێتە مافێکی سروشتیی و بایەخێکی بەرزی مرۆڤانە.

"مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە لای گەلانیش، خاڵی زەقی ئەم بایەخە بەرزەیە. دەوڵەت و نەتەوەی سەردەستیش چەمکە پیرۆزەکانی خۆی دێنێتە مەیدان و "تەواوییەتی خاک" و "دەسەڵاتی نەتەوەیی" و "پیرۆزیی سنوور و ئاڵا" و "ئاسایشی نەتەوەیی" بە لەبەرچاو گرتنی ناسنامە و

بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی پێناسە دەکات. بەوشێوەیە "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ڕێبازی ناسنامەی نەتەوەی دەسەڵاتدار پێناسە دەکرێت و یاسا و ڕێساش دەبێتە کەرەستەی پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە. جا ئەوجار، حوکمەت، پارلمان و هێزی یاسا و سوپا و ئۆرگانەکانی فێرکردن و بارهێنان، ڕاگەیەنەرە گشتییەکان و هتاد.. ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبەن.

ئەو سیاسەتە کە عادەتەن بە هەندێک مافگەلی تەشریفاتی ئارایش دەکرێت، جیاوازییە ناسنامەییەکان تێک دەدا و هەموو تێکۆشانەکانی ناسنامەی گەمارۆدراوی نەتەوەکەی دیکە، بە بیانووی هەوڵدان دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، تەواوییەتی خاکیی، و دەسەڵاتی نەتەوەیی، سەرکوت دەکات.

دەوڵەتی نەتەوەی دەسەڵاتدار، وڵات بە ناسنامەی کولتوریی خۆی پێناسە دەکات و ئەوەش هۆیەکانی ئایدیۆلۆژی فەرمیی دەسەڵات پێکدێنێت.

ئایدیولۆژی فەرمیی دەسەڵات لە سەرەوەی جیاوازییە ناسنامەییەکانە و هەر چەشنە ئیرادە و تێکۆشانێک، جیا لە ناسنامەی فەرمی، بە جیاییخوازیی دادەنێت و بە توندیی سەرکوتی دەکات. ئەم نموونەیە لە نێزیکەی تەواوی نەتەوە بندەستەکان دەبینرێتەوە.

شارستانییەتی هاوچەرخ، بێگومان هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، مەحکووم دەکات و مرۆڤ، چ وەکو تاکەکەس و چ وەک ئەندامێکی نەتەوەی بندەست لە درێژخایاندا ئەوە قبوڵ ناکات. وێڕای بایەخە بەرزە مرۆڤییەکان، ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندنی سیاسیی مافیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکەش هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو چەشنە چەوسانەوەیەدان، لانی کەم لە نووسین و تیئۆرییدا "مافی دیاری کردنی چارەنووس"ی گەلان، وەپێش هەموو شتێکی دیکە دەخەن.

وەک گارانتیی بەڕێوەبردنی "مافی دیاری کردنی چارەنووس" ی گەلان، لە هەموو پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، میکانیزمی ڕێفراندۆم لەبەرچاو گیراوە. هەموو گەلان ئەو

مافەیان بۆ بڕیاردان بەسەر چارەنووسی خۆیاندا هەیە، و دەشێت و دەبێت بۆیان هەبێت لەو میکانیزمە کەڵک وەربگرن. هەر لەبەر ئەوە کۆمەڵە · پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، هاوکات لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر ڕێبازی ئاشتیخوازانە و خەباتی زەبرنەگیر، ڕیفەراندۆم وەکو چارەیەکی سیاسیی دروست دەبینێت.

هەرکات دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست نکۆڵی لەو مافە کرد و لە ژێر ئایدیولۆژیی فەرمیی خۆیدا درێژەدەری داگیرکەریی بوو و خۆی لە هەموو ئاوات و ویستەکانی نەتەوەی ژێردەست دوور ڕاگرت، ئەوە نەتەوەی لەپەراوێزدا ڕاگیراو و ژێردەست، دەتوانێت بە کەرەسەی میکانیزمی ”نافەرمانیی مەدەنیی“، لە بەرامبەر سیاسەتی چەوساندنەوە و سەرکوتی نەتەوەی سەردەستدا ڕابوەستێت.

## کوردستان و ئێران

ئێران موزاییکی نەتەوە و کولتورەکانە. دیاردەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئێراندا، لە کاتی ڕەزا شا و سەرەتاکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پێک هاتووە. هەوڵدان بۆ یەکسان کردنی نەتەوەیی لە ئێراندا، لە سەر بناغە و بنچینەی ناسنامەی فارس دەستی پێکرد و، بەوشێوەیە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، ئازەریی، عارەب، بەلووچ، ئازتورکەمان لە ژێر پێ خراون.

ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی فارس، بوو بە ناسنامەی ئێران و پاشان بوو بە کەرەستەی گارانتیی ئەو ناسنامەیە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی.

لە کاتی موحەممەد ڕەزا پەهلەوەی دا، سیاسەتی یەکسان کردنی نەتەوەیی، خۆی گەیاندە ئاستێکی زۆر بەرزتر و، دیاردەی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوەی ناسنامە جیاوازەکانی دیکە گەیشتە قۆناغێکی جیددیتر.

لە کاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دا، دیاردەی ئیسلامی سیاسیی و بەتایبەت مەزهەبی شیعە، جارێکی دیکەش ناسنامەی فارسی کردە ناسنامەی فەرمیی وڵات. لە ژێر نێوی ئاییندا، هاوکات کە

سیاسەتی یەکسان کردنی نەتەوەییان بەڕێوە برد، دیاردەی سەرکوتی ئیرادەی ناسنامە نەتەوەییەکانی دیکەشیان درێژە پێدا.

بە بەدەستەوە گرتنی هەر هەموو ئۆرگانەکان لە لایەن نەتەوەی سەردەستەوە، ئەو ڕژیمەش لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕابوردوو هیچ جیاوازییەکی نییە و دەتوانین بڵێین کە سەرکوت و توندوتیژیی وەحشیانەتر بەڕێوە چووە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێراندا ئیرادەی نەتەوەیی کورد سەرکوت دەکات، نکۆڵی لە ناسنامەی دەکات و دیمۆگرافی کوردستان دەگۆڕێت و کولتور و فەرهەنگی دەخنکێنێت و سووکایەتی پێ دەکات. هەمان چارەنووس بە گشتیی دووچاری ئازەریی، بەلووچ و تورکەمان و قەشقایی و عەرەب هاتووە، لە بەرامبەر ئەوە ئاساییە کە کاردانەوەی خەباتگێڕانی ئەو نەتەوە بندەستانە دیفاع بێت لە بەرزراگرتنی ئیرادەی نەتەوەی بندەست. لەسەر ئەو بناغەیەیە کە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان هەمیشە لە سەر پێ ماوەتەوە.

بێگومان چەمکگەلێکی دیکە وەک بەرژەوەندیی نەتەوەیی و تەواوییەتی خاکیی و دەسەڵاتی نەتەوەیی فارس، ناتوانێت ناسنامە و ئیرادەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بخاتە ژێر پێ. کەوا بێت، جیاییخوازیی نەک هەر دژ بە پرینسیپێکی ئازادیخوازیی نییە، بەڵکو خودی بایەخی ڕاستەقینەیە و مافی بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنووس گارانتیەکی دروستە بۆ پێشگیریکردن لە ڕوودانی تراژیدی جینۆسایدی نەتەوەیی لەو شێوانەی لە کوردستان و جیهان بینراون.

بێگومان دەوڵەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر چنگی بە سەر تەواوی دەسەڵاتدا گرتووە، بەڵکە بە هیچ شێوەیەک دان بە بوونی ناسنامەی جیاوازیی نەتەوەیی لە ئێراندا ناهێنێت، و هەرگیز مافی دیاری کردنی چارەنووس بە نەتەوە غەیرە فارسەکان نادات. هەموو هەڵسووڕانێکی مەدەنی و ڕیفۆرمخوازیی سەرکوت دەکات و هەموو دەرگاکانی لۆژیک و دیالۆگی داخستووە.

کوردستان کۆلۆنیەکە و دەوڵەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی بە داگیرکەریی و چەوساندنەوەی کوردستان و نەتەوەی کورد درێژە دەدات و لەگەڵ هاووڵاتیانی کورد وەک هاووڵاتیانی پلە دوو و پلە سێ هەڵسوکەوت دەکات.

دەوڵەتی ئێران تا ئیستا  بە هیچ شێوەیک وەڵامی ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردی نەداوەتەوە و بێجگە لە سەر کوتی نەتەوەکەمان هیچ دیارییەکی دیکەی بۆ ئێمەی کورد پێ نەبووە و پێ نییە.

تەنیا کوشتار و سەرکوت لە مێژووی حوکمرانی دەوڵەت و حکومەتگەلی داگیرکەری کوردستاندا زمانی داگیرکەران بووە. هەر بۆیەش نەسلێکی نوێ لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ڕابوون تا بە هەموو شێوەیەک دژی داگیرکەران خەبات بکەن. کچان و کوران و ژنان و پیاوانی ڕاپەڕیوی کوردستان، بە خەباتی پێشمەرگایەتی وەکو یەکێک لە شێوەکانی بەربەرەکانە دژی داگیرکەران لە هەل و مەرجی گۆنجاودا بەکار دێنن، و ڕەوا بوونی ئەو چەشنە خەباتەش هەر لە بنچینەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان و بەربەرەکانیی داگیرکەران، هەڵدەقوڵێت.

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کچ و کوڕ و ژنان و پیاوانی کوردستان پێکهاتووە کە دڵسۆزی گەل و نیشتیمانی خۆیان و بە ئیرادەی پۆڵایینی گەلی کوردستان و، بە پێکهاتە و ستراتیژێکی مۆدێرن، کە بەرهەمی سەدان ساڵ خەبات و بەربەرەکانی گەلی کوردە، هاتوونەتە مەیدانی خەباتێکی ڕاستەقینە، بۆ دابینکردنی مافی بڕیاردان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی گەلەکەیان. هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی داگیرکەر و حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکاتە ئامانجی خۆی.  هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەسلێکی نوێیە کە دەخوازێت گیانێکی نوێ بە بایەخەکانی خەباتی گەلی کورد بدات و ئەوەی کە ڕێکخراوە سوننەتییەکان بە هۆی ڕۆحی پاشەکشە و خۆبەدەستەوەدان و ئۆردوگانشینیی پاسیڤ و پاسیڤیستیەوە لە دەستیان داوە، دیسانیش زیندوو بکاتەوە.




هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو چەمکێکی دژی مقاوەمەت و بێ ئیرادەیی و تەسلیم بوون ڕەد دەکاتەوە و تێدەکۆشێت تا گۆڕەپانی بەربەرەکانیی و خەبات هەروا گەرم ڕابگرێت و، لەو ڕێبازەدا بێجگە لە ئۆرگانەکان و بنکەکانی داگیرکەران، هەموو کەس و ڕێکخراو و پایەگا و دامەزراوەیەکی بەکرێگیراوان دەکاتە ئامانجی خۆی.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پاڵەوپشتی هێزی ئیرادەی گەلی کورد، بۆ خەبات بە دژی دیوەزمەی دەوڵەتی داگیرکەر ڕاپەڕیوە و لەو ڕێبازەدا، داوا لە هەموو ڕۆڵە جەنگاوەرەکانی گەلەکەمان دەکات تا بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای گەلەکەمان، پێوەستی ڕیزی پڕ لە شانازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن.

## ساختار و پێڕەوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"

**ناو**: **هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

**پێناسە**: هێزی پێشمەرگەی کوردستان، باڵی سەربازیی کۆمەڵە ـ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستانە و لە ژێر ڕابەرایەتی سیاسیی پارتییدا کار دەکات (بڕووانە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان). ئەم هێزە بەشێکە لە ڕێکخراوی نیزامیی گەلی کورد و بۆ دابینکردنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد و دەرکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی داگیرکەر تێدەکۆشێت.

**ئارم**: ئارمی هێزی سەربازیی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان ڕەنگی سوورە و ئەستێرەیەکی سووری تێدایە کە بە ڕەنگی سپی لە تەختەسوورەکە جیا کراوەتەوە. لەوێدا ڕەنگی هەموو نووسینەکان سپییە. نووسینەکان بریتین لە "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" کە بە نیوەکەوانی لە بن ئەستێرەکەوەیە، "HPK" کە کورتکراوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بە پیتی لاتینی. هەروەها نووسراوە "هێزی سەربازیی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" و بە ئینگلیزییش "The Military Wing of The Social Democratic Party of Kurdistan".

## برگەی یەک: پێکهاتەی ئۆرگانیک

١. بەرزترین ئۆرگانی هێزی پێشمەرگە، "ئەنجومەنی فەرماندەرییە"، کە لەلایەن فەرماندەری گشتییەوە، فەرمان وەردەگرێت.

٢. ئەنجومەنی فەرماندەریی لە ٥ (پێنج) کەس پێک دێت. کە سێ کەسیان ئەندامی "ناوەندی ڕاپەڕاندن" ی پارتین و دووانیان ئەندامی "بەڕێوەبەرایەتی" پارتیین. هەر کاتێک ژمارەی ئەو ئەنجومەنە بەرز بووەوە، ژمارەی ئەندامانیان لە "ناوەندی ڕاپەڕاندن" و "بەڕێوەبەرایەتی" دا بە پێی نوێنەرایەتیکردن بەرز دەبێتەوە.

٣. هەر شەش مانگ جارێک، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرماندەریی، وەک گوتەبێژی فەرمیی هەڵدەبژێردرێت.

٤. فەرماندەریی گشتیی، لە لایەن ئەنجومەنی فەرماندەرییەوە هەڵدەبژێردرێت و لەگەڵ "بەڕێوەبەرایەتی پارتیی" دا هەمیشە لە پێوەندیدا دەبێت.

٥. ئەنجومەنی فەرماندەریی، ستراتیژی، ئامانجەکان و تاکتیکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پێی بڕیارەکانی "بەڕێوەبەرایەتی پارتیی" دیاری دەکات.

## برگەی دوو: ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچەکان:

١. لە هەر ناوچەیەکدا ئەنجومەنی فەرماندەریی تایبەت پێک دێت.

٢. ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچە، فەرماندەری ناوچە هەڵدەبژێرێت.

٣. ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچە لە ٣ (سێ) کەس پێک دێت.

٤. ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچە، لە فەرماندەری ناوچە فەرمان وەردەگرێت.

٥. فەرماندەری ناوچە، فەرمان، لە ئەنجومەنی فەرماندەریی و فەرماندەری گشتیی وەردەگرێت.

**برگەی سێ: پێشمەرگە**

١. "پێشمەرگە" بریتیە لە تاکەکەسێک کە بۆی هەیە ئەندامی کۆمەڵە ٠ پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بێت یان نەبێت، بەڵام کە دەبێت بە دڵخوازی خۆی پێوەندی بە "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" ـەوە کردبێت.

٢. هیچ تاکە کەسێک تا تەمەنی ١٨ ساڵ پڕ نەکاتەوە و تا لانی کەم شەش مانگ مەشق و ڕاهێنان نەکات و لە ڕووی تیئۆرییەوە لە مەبەست و ئامانجەکانی پارتیی تێنەگات، نابێت لە ئۆپەراسیۆندا بەشدار بێت. لە هەندێک حاڵەتدا بۆ بەشداریکردنی هەندێک پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆندا دەبێت تەمەنی نێوان ١٨ ساڵ و ٢٠ ساڵ لەبەرچاو بگیرێت. ئەوانەی خوار تەمەنی ١٨ ساڵن دەتوانن لە بواری جیاوازی سەربازییدا، دوور لە ئۆپەراسیۆن، بە پێی پێوەندیی ڕێکخراوەیی و تایبەتمەندیی دیکە، بەشدار بن.

٣. پێشمەرگە وەکو تاکەکەس بەرپرسی ئەو هەڵەیەیە کە دەیکات، کەسوکار و خانەوادە و هاوڕێیانی تێکەڵ بەو کارە ناکرێت.

٤. دەبێت بە وردیی دۆخی تایبەتیی پێشمەرگەی ژن لەبەرچاو بگیرێت و لە شوێنی خۆی و دەستوبرد وەڵامی ئەو پێویستیانەیان بە پێ توانا بدرێتەوە کە خۆیان پێیان وایە پێویستیانە.

٥. ئەگەر پێشمەرگەیەک یەکێک لە بنەماڵەکەی (باوک، دایک، خوشک، برا، کور یان کچی) لە شەڕ یان زینداندا بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان گیانی لەدەست دابێت، بۆی نییە لە ئۆپەراسیۆنی هێزی سەربازیدا بەشدار بێت.

**برگەی چوار: تیپ" مەزنترین یەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.**

٢. هەر "تیپێک" لە ٢٠٠ - ٤٠٠ کەس پێک دێت.

٣. هەر تیپێک لە ناوچەی جوگرافیایی خۆیدا مانۆڕ و ئۆپێراسیۆنی سەربازیی بەڕێوە دەبات.

٤. ژمارەی هێزەکانی هەر تیپێک بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ناوچەکە دیاری دەکرێت.

٥. بە سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، "پێشمەرگە"" دەگوترێت.

٦. دوای "تیپ"، یەکەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمانەن:

آ: "گوردان"، کە لە ٨٠ – ١٢٠ پێشمەرگە پێک دێت.

ب: "گرووهان"، کە لە ٤٠ - ٨٠ پێشمەرگە پێک دێت.

ج: "دەستە"، کە لە ١٥- ٣٠ پێشمەرگە پێک دێت.

٧. هەر یەک لەو یەکانە، فەرماندەری تایبەتی خۆی هەیە کە ئەویش سەر بە فەرماندەری سەرووی خۆیەتی.

٨. ئەندامانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جل و بەرگی ڕازاوە بە ئارمی خۆیان هەیە.

**برگەی پێنج: دانیشتن و کۆبوونەوەکان**

١. هەر "دەستە"یەک، سێ ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٢. گرووهان هەفتەی جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٣. گوردان ١٥ ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٤. تیپ مانگی جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٥. ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچە، هەر سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٥. ئەنجومەنی فەرماندەریی گشتیی هەر شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەیان هەیە.

٧. کۆنفرانسی سەربازیی ساڵی جارێک لە لایەن ئەنجومەنی فەرماندەریی گشتییەوە بەڕێوە دەچێت.

٨. بە پێی هەلومەرج و پێویستیی بوون لە کۆبوونەوەدا، داوای بەشداریی لە فەرماندەرانی دەستە، گرووهان، گوردان، تیپ و ناوچەکان دەکرێت.

٩. کۆنفرانسی ساڵانە، لە لایەن فەرماندەریی گشتییەوە بەڕێوە دەچێت.

١٠. ئاکامی کۆبوونەوەکان، لە دەستە تا فەرماندەریی ناوچە، دەکرێت بە ڕاپۆرت و بە شێوەی نووسراوە پێشکەشی کۆنفرانسی ساڵانەی دەکەن.

١١. فەرماندەریی گشتیی، مانگی جارێک فەرمانە نیزامییەکان بۆ هەموو یەکەکان بەڕێ دەکات.

١٢. ڕێکخستنی کەسان لە نێو یەکەکان و بەشە نیزامییەکان، هەر سێ مانگ جارێک، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

## برگەی شەش: یەکەی فێرکردن

١. یەکەی فێرکردن، لەلایەن فەرماندەریی گشتییەوە پێک دێت.
٢. یەکەی فێرکردن لە پسپۆڕانی لێهاتووی نیزامیی پێک دێت.
٣. فەرماندەریی یەکەی فێرکردن، بەشی فێرکردن بەڕێوە دەبات.
٤. یەکەی فێرکردن، ئاکادێمیای نیزامیی پێک دەهێنێت.
٥. فێربوونە سەرەتاییەکان و پرۆفێسیۆنالییەکان، لە ئاکادێمیای نیزامیی بەڕێوە دەچێت.
٦. کاتی فێر بوونی سەرەتایی، ٢ (دوو) مانگە.
٧. کاتی فێر بوونی پرۆفێسیۆنالیی ٦ (شەش) مانگە.
٨. لە کۆتایی هەر کۆرسێکی ئاکادێمیدا، مانۆری تاقیکاریی بەڕێوە دەچێت.

## برگەی حەوت: یەکەیی ڕاگەیاندن

١. هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەی ڕاگەیاندن دادەمەزرێنێت.
٢. یەکەی ڕاگەیاندن لە لایەن بەرپرسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا بەڕێوە دەچێت.
٣. یەکەی ڕاگەیاندن سایتێکی ناوەندیی بە نێوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" دادەمەزرێنیت.
٤. یەکەی ڕاگەیاندن ڕاپۆرتی مانگانەی ئۆپێراسیۆنەکان ڕادەگەیەنێت.
٥. یەکەی ڕاگەیاندن گۆڤارێکی مانگانە بە نێوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" بڵاو دەکاتەوە.
٦. یەکەی ڕاگەیاندن وێڕای ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی خۆی، پۆستێر و وێنە/ عەکس و پەیام و پەرتووکی پێویستیش چاپ دەکات.

**برگەی هەشت: دیسیپلین و هیرارشی نیزامیی**

١. فەرماندەریی پلەی نزمتر، ملکەچی فەرمانەکانی فەرماندەری سەروتری خۆیەتی.

٢. لە هەر پلەیەکدا ملکەچی فەرمان نەبن، بە پێی ئایینامە سزا دەدرێن.

٣. هەموو هێزەکان دەبێت جل و بەرگی فەرمی لەبەر بکەن.

٤. پاراستنی پاک و خاوێنی و کۆک و پۆشتە بوون، زۆر پێویستە.

٥. هەموو هێزەکان دەبێت ملکەجی یاسا و ڕێسا بن.

٦. ئەگەر وەڵامی فەرمانەکان نەدرێتەوە، ئەو سزایانەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

- ڕەخنەلێگرتن و وشیارکردنەوە بە شێوەی زارەکیی
- ڕەخنەلێگرتن و وشیار کردنەوە بە شێوەی نووسراوە
- هەڵپەساردن لە بەرپرسایەتیی
- وەدەرنان

٧. هەموو هێزەکان دەبێت پرنسیپی ڕێز لێکترگرتن لەبەرچاو بگرن.

٨. بەڕێوەبردنی هەر چەشنە ئۆپێراسیۆنێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت لەسەر بناخەی ئەو ڕێسا و یاسا جەنگییانە بن کە لە ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکاندا هاتووە.

٩. هەر پێشمەرگە یا هێزێکی سەربازیی، ئاما‌نجی ناسەربازیی و سیڤیل بپێکێت، سزا دەدرێت.

١٠. هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت ڕێز لە بایەخەکانی کۆمەڵگا بگرێت و پارێزەر و پشتیوانی هاوڵاتیان بێت.

١١. هەر پێشمەرگەیەک یان هەر بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت، کە بە ماڵ یا ژیانی هاوڵاتییان بێ ڕێزیی، یا دەست درێژیی بکات، بە توندیی سزا دەدرێت.

١٢. فەرمانەکانی فەرماندەریی تا لەگەڵ ئەم ئایینامەیەدا دژایەتی نەکات،، بە بێ ئەملا و ئەولا دەبێت بەڕێوە بچێت.

١٣. هەموو پێشمەرگەیەک دەبێت لانی کەم مانگێ جارێک لەسەر هەلومەرجی خۆی و یەگانەکەی ڕاپۆرتێک ساز کات و بیدات بە فەرماندەری تیپ.

١٤. بۆ بەرز ڕاگرتنی وورەی هێزەکان، بەشەکان دەبێت لانیکەم مانگی جارێک ڕێوڕەسمێک لە نێو یەکەی خۆیاندا پێک بێنن.

**برگەی نۆ: تیمە ئۆپێراسیۆنییەکانی نێو شارەکان**

١. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دوو چەشنە یەکەی، کوێستانیی و شاریی پێک دێت.

٢. ناوچەی ئۆپێراسیۆنی هێزە کوێستانییەکان، کێوەکان و جوگرافیای سروشتیی دەرەوەی شارەکانە. هێزەکانی نێو شارەکانیش، مۆڵگەکانی دوژمن لە نێو شارەکان دەکەنە ئامانجی خۆیان.

٣. فەرماندەریی هێزەکانی نێو شار، لە هێزەکانی کوێستان جیاوازن و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچەکان لە پەیوەندییدا دەبن و لە وان فەرمان وەردەگرن.

٤. ژمارەی هێزەکانی هەر تیمێک و لەوانە تیمەکانی نێو شار، بە پێی هەلومەرج و پێویستیی شارەکان، لە لایەن ئەنجومەنی فەرماندەریی ناوچەوە دیاری دەکرێت.

٥. هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک کەرەسەی ڕەوای پاراستنی خەڵکی کورد، لە سەر یاسا و ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ پێکهاتووە و تەواوی ناوچە جوگرافیاییەکانی کوردستان دەگرێتە ژێر باڵی خۆی.